# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٦٩)ساڵی بیستەم | ٢٦ ئاب ٢٠٢١ ز. | ٤ گەلاوێژ ٢٧٢١ کوردی | ١٨ محەرەم ١٤٤٢ کۆچی

269

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

یاسای پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمانی کوردستان**

پێکهێنانی لیژنەیەکی سەبارەت بە بەکارهێنانی پێگەی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت

**بڕیاری ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

هێنانەکایە (استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی (زاخۆ ) و (سۆران)

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی دارایی و ئابووری**

ڕێنمایی وەرگرتنی باج لەسەر خزمەتگوزاریی نەخۆشخانە تایبەتەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی

ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٦

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی باڵا / ماستەر

ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی٢٠١٦ی خوێندنی باڵا ماستەر

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

ڕێنمایی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢١ ئەنجومەنی دادوەری**

هەڵوەشاندنەوەی دادگای تاوانی هەولێر / ٤

**بەیانی ژمارە (٢٤ — ٢٥- ٢٦- ٢٧- ٢٨)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە (٦ — ٧ - ٨)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢٠- ٢١- ٢٢- ٢٣- ٢٤ ٢٥-٢٦)ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی تەندروستی**

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٦٩) الحادي والعشرون | ٢٦ آب ٢٠٢١ م. | ٤ گەلاوێژ ٢٧٢١ک. | ١٨ محرم ١٤٤٢ هـ.

269

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Published by Ministry of Justice



قانون رقم (٤) لسنة ٢٠٢١ — ص ٣١

قانون حماية مشاريع وشبكات الماء والمجاري في إقليم كوردستان - العراق

قرار رقم (٨) لسنة ٢٠٢١ — ص ٤٠

تشكيل لجنة لتقصي الحقائق حول استخدام مكانة البرلمان للمصلحة الخاصة .


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


قرار رقم (١٠٧) لسنة ٢٠٢١ رئاسة مجلس الوزراء — ص ١٢

تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢١ وزارة المالية والاقتصاد — ص ١٣

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢١ وزارة تعليم الحالي والبحث العلمي — ص ١٥

تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢١ وزارة تعليم الحالي والبحث العلمي — ص ١٧

تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢١ وزارة تعليم الحالي والبحث العلمي — ص ١٨

قرار لسنة ٢٠٢١ مجلس القضاء — ص ٢٤

بيان رقم (٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨) لسنة ٢٠٢١ وزارة الداخلية — ص ٢٤

بيان رقم (٦-٧-٨) لسنة ٢٠٢١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية — ص ٢٨

بيان رقم (٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦) لسنة ٢٠٢١ وزارة الصحة — ص ٢٩



No: 269 Date: August 26, 2021 Vol: 21

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پاڵپشت بەحوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، وە لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی رۆژی ٢٠٢١/٤/٢١ ئەم یاسایەی پەسەند کرد:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١
## یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی (١): پێناسەکان**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە وەزارەت.

**پێنجەم: بەڕێوەبەری گشتی**: بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆ.

**حەوتەم: بەڕێوەبەر:** بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ئاو یان ئاوەڕۆکان.

**هەشتەم: لێپرسراوی فەرمانگە:** لێپرسراوی فەرمانگەی ئاو یان ئاوەڕۆ.

**نۆیەم: تۆڕەکان:** تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و پێکهاتەکانی.

**دەیەم: پرۆژەکان**: پرۆژەکانی پاڵاوتن و چارەسەرکردنی ئاو و ئاوەڕۆ، بیرەکان، پرۆژەکانی وەرگرتنی سەرچاوەکانی ئاو و عەمبارکردنی ئاو و ئاوەڕۆ و وێستگە لاوەکییەکانی گواستنەوە دەگرێتەوە.

**یازدەیەم: لایەنی پەیوەندیدار:** بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزاریەکانی هەماهەنگ لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ .

**دوازدەیەم: سەرپێچی:** زیانگەیاندن یان شکاندن یان لە ناوبردن و تێکدانی پرۆژەکان ، تانکی (عەمبار) ئاو ، هێلەکانی گواستنەوە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، قوفڵی ئاو، مانهوڵ، سەری مانهوڵ، چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆکان، بۆری وەرگرتنی ئاوەڕۆکان و هەر پێکهاتەیەکی تری ژێرخانی ئاو و ئاوەڕۆ، دەگرێتەوە.

**سێزدەیەم: زیادەڕۆیی:** بەستنی بۆری بە تۆڕەکان و هێڵەکانی گواستنەوەی ئاو و ئاوەڕۆ، بەستنی ترومپای ئاو لەسەر بۆری سەرەکی تۆرەکان، کارکردن لە محەرەماتی بۆری گواستنەوە و بەستنی ئاوی قورس بە تۆڕی ئاوەڕۆکان بەبێ مۆڵەت یان زیاتر لەوەی مۆڵەتی پێدراوە دەگرێتەوە.

**چواردەیەم: محەرەمات:** سنوری پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆیە کە نابێت هیچ جۆرە کارێکی تێیدا ئەنجام بدرێت وەک بیناسازی، دانان و ڕاکێشانی تۆڕی ئینتەرنێت و هێڵی کارەبا و ستونەکانی، پیس کردنی سەرچاوەی پرۆژەکانی ئاو و هەر کارێکی دیکە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

**پازدەیەم: هاوبەش:** هەر سوودمەندێک بە پێی مۆڵەتی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە تایبەتمەندەکان، سوودی لە خزمەتگوزاری ئاو و ئاوەرۆ وەرگرتبێت.

**شازدەیەم: لیژنەی تایبەت:** ئەو لیژنەیەی کە کاری بە دواداچوون و چاودێری و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەی لە ئەستۆدایە.

**ماددەی (٢): ئامانجەکان**

**یەکەم:** نەهێشتنی سەرپێچی و زیادەڕۆیی بۆ سەر پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

**دووەم:** پاک ڕاگرتنی ئاو خواردنەوەی هاوبەشەکان و ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی ئاو و تێکەڵبوونی بە ئاوی ئاوەڕۆ بە مەبەستی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی گشتی و ژینگە.

**سێیەم:** پاراستن و پەرەپێدانی ئاو وەک بەشێکی گرنگ لە سامانی گشتی.

**چوارەم:** سزادانی سەرپێچیکار و زێدەڕۆکار بۆ سەر پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە ڕێگەی پێدانی دەسەڵات بە لایەنی تایبەتمەند.

## بەشی دووەم
## ڕێکارە یاساییەکان

**ماددەی (٣)**

**یەکەم:** لیژنەی تایبەت، بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەر یان لێپرسراوی فەرمانگە، هەریەکەیان لە سنوری دەسەڵاتی کارگێڕی خۆیدا، بە هەماهەنگی و بەشداری لایەنی پەیوەندیدار پێکدێت.

**دووەم:** بەڕێوەبەری گشتی دەسەڵات بە لیژنە تایبەتەکان دەدات بۆ هەژمارکردنی جۆر و شێوەی زیادەڕۆیی و سەرپێچیەکان، لە سنوری هەر بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەک.

**سێیەم:** لیژنەی تایبەت هەژماری جۆر و شێوەی سەرپێچی و زێدەڕۆییەکان دەکات و بە ڕاپۆرتێک لایەنی بڕیاردەر ئاگادار دەکاتەوە، و لایەنی بڕیاردەریش بڕیاری پێویست لەبارەی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەکە دەردەکات و بڕی سزاکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکات.

**چوارەم:** پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی تایبەت بە ڕێنماییەک ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت.

**ماددەی (٤)**

**یەکەم:** بەڕێوەبەری گشتی یان هەر کەسێک کە ئەو ڕایدەسپێرێت دەسەڵاتی دادوەری کەتنی لە سەپاندنی ئەو سزایانەدا هەیە کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** بڕیاری سزای پێبژاردن شیاوی تانە لێدانە بە پێی یاسای ئەنجوومەنی شورای بەرکار لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٥)**

**یەکەم:** سەرەڕای سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، تێچوی چاککردنەوەی تۆڕەکانی ئاو و پڕکردنەوەی سەرتۆڕی ئاوەکە و گەڕاندنەوەی بو باری ئاسایی خۆی بەپێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان (المواصفات الهندسية)، دەخرێتە ئەستۆی زێدەڕۆکار و سەرپێچیکار و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگەی ئاو بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار، جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:** جگە لەو تێچووانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە:-

١- هەر کەسێک ئەم سەرپێچیانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات، بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ. بڕێک کە لە (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر بۆری ئاوی تیرە (٢/١) نیو ئینج تا (٣) سێ ئینج بوو.

ب. بڕێک کە لە (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٦٠٠،٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر بۆری ئاوی گەورەتر لە (٣) سێ ئینج تا (٦) شەش ئینج بوو.

ج. بڕێک کە لە (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر هێلی ئاوی گەورەتر لە (٦) شەش ئینج تا (١٢) دوانزە ئینج بوو.

د. بڕێک کە لە (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیون دینار کەمتر نەبێت و لە (٤،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیون دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر هێلی ئاوی گەورەتر لە (١٢) دوانزە ئینج تا (٢٤) بیست و چوار ئینج بوو.

هـ. بڕێک کە لە (٦،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیون دینار کەمتر نەبێت و لە (٨،٠٠٠،٠٠٠) هەشت ملیون دینار زیاتر نەبێت ئەگەر سەرپێچی لەسەر هێلی ئاوی گەورەتر لە (٢٤) بیست و چوار ئینج وبەرەو سەرەوە بوو.

٢-هەر کەسێک ئەو زێدەڕۆییانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەنجام بدات بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ. بڕی (٤٥٠،٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆری تیرە (٢/١) نیو ئینج بە تۆڕەکانی ئاو.

ب. بڕی (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆری تیرە (٤/٣) سێ لە سەر چوار ئینج بە تۆڕەکانی ئاو.

ج. بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیون دینار لە کاتی بەستنەوەی بۆری تیرە (٤/٣) سێ لە سەر چوار ئینج بەرەو سەرەوە بە تۆڕەکانی ئاو.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** هەر کەسێک سەرەڕای ئەنجامدانی سەرپێچی یان زیادەڕۆییەک کە لەم یاسایەدا هاتووە، کەرەستەیەکی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو ببات، سەرەڕای هەر سزایەک کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت کە لە (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر دانەیەک.

**دووەم:** حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بە سەر هەر کەسێکدا جێبەجێ دەکرێت کە کڕین و فرۆشتنی بەو کەرەستە بردراوانە کردبێت.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** هاوبەش بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت لەم بارانەی خوارەوەدا:-

١. بەبڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار ئەگەر ئاوگرەوەی (طوافة) لەسەر عەمباری ئاوەکەی نەبەستبوو.

٢. بە بڕێک کە لە (٢٠٠،٠٠٠) دووسەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٤٠٠،٠٠٠) چوارسەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بە گوێرەی تیرەی بۆریەکە ئەگەر بەبێ مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە لە یەک هاوبەشی زیاتری هەبوو.

**دووەم:** نرخی ئەو ئاوەی کە هاوبەش لە تۆڕەکانی ئاو بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بە فیڕۆیداوە، بەپێی ماوە و نرخی کارپێکراو لە هاوبەش وەردەگیرێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانەوە ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** کەسی سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ، تێچووی چاککردنەوە و پڕکردنەوەی بە شێوەی ئەندازەیی و داپۆشینی و گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی خۆی بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان، دەخرێتە ئەستۆی.

**دووەم:** کەسی سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار لەسەر تۆڕەکانی ئاوەڕۆ، سەرەڕای پێچاککردنەوەی، بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بڕی (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تیرە (٢٠ تا ٤٠) سانتیمەتر.

٢- بڕی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تیرە (٤٥ تا ٧٥) سانتیمەتر.

٣-بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنچ سەد هەزار دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تیرە (٨٠ تا ١٢٠) سانتیمەتر.
٤-بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تیرە (١٢٥ تا ١٨٠) سانتیمەتر.
٥-بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی تیرە (١٨٥ تا ٢٦٠) سانتیمەتر.
٦-بڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنچ ملیۆن دینار بۆ تۆڕی ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازەکانیەوە.
٧-بە بڕێک کە لە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، بەهۆی فڕێدانی هەر ماددەیەک یان پاشەڕۆیەک کە کاریگەری هەبێت لە سەر توانای ئاوە شورکردنی تۆڕی ئاوەڕۆ.
٨-بە بڕێک کە لە (٦٠٠،٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنچ سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، بەهۆی بەستنەوەی ئاوەڕۆکەی بەبێ مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگە.

**ماددەی (٩):**

سەرەڕای گەڕاندنەوەی کەرەستەی بردراو یان لە ئەستۆگرتنی کڕینەوەی بە نرخی ڕۆژ، سەرپێچیکار بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-
١- بە بڕی (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی (مشبک)ی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەڕۆ.
٢-بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنچا هەزار دینار بەرامبەر بردنی تۆڕی سەر چەپەری وەرگرتنی ئاوەرۆ بە چوارچێوەکەیەوە.
٣-بڕی (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەباغی مەنهۆڵ.
٤-بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنچ سەد هەزار دینار بەرامبەر بردنی قەباغی مەنهۆڵ بە چوارچێوەکەیەوە.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** هەر کەسێک بۆ جاری دووەم زیادەڕۆیی لە ڕێگەی پرۆسەی بەستنەوەوە ئەنجام بدات، بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت کە لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنچ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی کەرەستەکان.

**دووەم:** ئەم بارانەی خوارەوە بە دوخی توندکراو دادەنرێن:-
١- ئەگەر زیادەڕۆیی لەلایەن کەسێکی هونەریی یان پیشەوەرەوە ئەنجام بدرێت.
٢-ئەگەر زیادەڕۆیی لەلایەن فەرمانبەرانی وەزارەت ئەنجام بدرێت.
٣-ئەگەر زیادەڕۆکار لەسەر ئەو تۆڕەی کە زیادەڕۆیی لە سەر کردووە ڕێگە بە زیادەڕۆیی یان سەرپێچی کەسانی تر بدات.

**سێیەم:** سەرباری ئەو سزایەی کە لە خالی (٢)ی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، فەرمانبەران لە حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی بەرکار لە هەرێم بەدەر ناکرێن.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:**

١- بڕی ئەو پێبژاردنانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕیاری لێدەدرێت، بە ڕێژەی (٣٠%) سی لە سەد کەم دەکرێتەوە، ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ، لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە، ئەو پێبژاردنانە بدات.

٢-بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٥%) پازدە لە سەد کەم دەکرێتەوە، ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (٣٠) سی ڕوژ، لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە، ئەو پێبژاردنانە بدات.

٣-بڕی پێبژاردنەکە بە ڕێژەی (١٠%) دە لە سەد کەم دەکرێتەوە، ئەگەر سەرپێچیکار یان زیادەڕۆکار لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ، لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیارەکە، ئەو پێبژاردنانە بدات.

**دووەم:** ئەگەر زیادەڕۆکار یان سەرپێچیکار ئامادە نەبوو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بڕی پێبژاردنەکە بدات، ئەوا بە پێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی حکومەت ژمارە (٥٦)ی ساڵی (١٩٧٧)ی هەمووارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## بەشی سێیەم
## محەرەماتی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم**: محەرەماتی پرۆژەکانی ئاو بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:-

١- بۆ محەرەماتی بیری ئاو خواردنەوە لە سەنتەری بیرەکە (١٥) پازدە مەتر.

٢-بۆ محەرەماتی کانییەکان و بیرە ڕووکارییەکان (٢٥) بیست و پێنچ مەتر کەمتر نەبێت.

٣-بۆ محەرەماتی پڕۆژەی وێستگەکانی ئاو لە شورەکەی (٢٥) بیست و پێنچ مەتر.

٤-بۆ محەرەماتی وێستگەی لاوەکی ئاو لە شورەکەی (١٥) پازدە مەتر.

٥- بۆ محەرەماتی خەزانی سەر زەوی و ژێر زەوی لە شورەکەی (١٠) دە مەتر.

٦-بۆ محەرەماتی خەزانی بڵند بە پێوانەی (بەرزیەکەی × ١,٥) مەتر دەبێت.

**دووەم**: کارگەی چەو و لم دەبێت لانیکەم (٣) سێ کیلۆمەتر دووربێت لە بەشی وەرگری پرۆژەکانی ئاو ئەگەر کەوتبووە بەشی سەرەوەی وەرگری پرۆژەکە، و (١) یەك کیلۆمەتر دووربێت ئەگەر کەوتبووە بەشی خوارەوەی وەرگری پرۆژەکە و لە هەردوو دیوی ڕووبارەکە، لەگەڵ جێبەجێکردنی گشت ڕێکارەکانی پاک ڕاگرتنی ڕێرەوی سەرەکی ڕووبار و سەرچاوەکان لە هەر جورێکی پیس بوون.

**سێیەم:** پرۆژە و کێلگەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی، پێویستە دووریان لە کانییەکان و بیرە ڕووکارییەکان و پرۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو ئاوەڕۆ لە (٥٠٠) پێنچ سەد مەتر کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٣):**

محەرەماتی تۆڕەکانی ئاو لە سەنتەری بۆری بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:-

**یەکەم:** بۆ تۆڕەکانی دابەشکردن، محەرەماتی بۆری ئاو کە تیرەکەی تا (٨) هەشت ئینج بێت لە (١) یەک مەتر کەمتر نەبێت.

**دووەم:** بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناو سنوری شارەوانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:-

١- هێلی ئاوی زیاتر لە تیرە (٨ تا ١٦) ئینج، (١،٥) یەک مەتر و نیو کەمتر نەبێت.

٢-هێلی ئاوی زیاتر لە تیرە (١٦ تا ٢٤) ئینج، (٢) دوو مەتر کەمتر نەبێت.

٣-هێلی ئاوی تیرە (٢٤) بیست و چوار ئینج و زیاتر، (٣،٥) سێ مەتر و نیو یان زیاتر بە گوێرەی پێویست و هەبوونی مەودای پێویست.

**سێیەم:** بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە لە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:-

١- هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرە (٨ تا ١٦) ئینج، (٤) چوار مەتر کەمتر نەبێت.

٢-هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرە (١٦ تا ٢٤) ئینج، (٧) حەوت مەتر کەمتر نەبێت.

٣-هێڵی ئاوی زیاتر لە تیرە (٢٤) بیست و چوار ئینج، (١٠) دە مەتر کەمتر نەبێت.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** لە سنوری محەرەماتی پرۆژە و تۆڕەکاندا، نابێت بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هیچ جۆرە کارێک ئەنجام بدرێت وەک بیناسازی، ڕاکێشانی تۆڕی ئینتەرنێت و کارەبا، دانانی ستونی کارەبا، یان هەر کارێکی دیکە.

**دووەم:**

١- تێچوی لادانی زیادەڕۆیی لە سەر محەرەماتی پڕۆژەکانی ئاو و گەڕاندنەوەی بو باری ئاسایی پێش زیادەڕۆییەکە، بە پێی خەسڵەتە ئەندازەییە بەرکارەکان، دەخرێتە ئەستۆی زیادەڕۆکار و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت.

٢-سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچوی لادانی زیادەڕۆییەکە بەپێی خاڵی (١)ی ئەم بڕگەیە، زیادەڕۆکار بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی (١٥):**

محەرەماتی ئاوەڕۆ بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:-

**یەکەم:** محەرەماتی بۆری ئاوەڕۆ، لە لێواری دەرەوە، لە هەر لایەکی (٢) دوو مەتر دوور دەبێت بەڕەچاوکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان.

**دووەم:** محەرەماتی ئاوەڕۆی سندوقی بە هەموو ئەندازەکانییەوە، لە لێواری دەرەوە، لە هەر لایەکی (٣) سێ مەتر دەبێت بە ڕەچاوکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

**سێیەم:** محەرەماتی کەندی ئاوی سروشتی بە پانتایی کەندەکە پارێزراو دەبێت لەگەڵ (١٠ تا ٢٠) مەتر وەک محەرەمات لە هەر لایەک، و لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بڕیاری لە سەر دەدرێت.

**چوارەم:** محەرەماتی تایبەت بە پڕۆژە و وێستگەکانی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ دەبێت (٢٥) بیست و پێنج مەتر لە شورەکەی دووربێت .

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** تێچوی لادانی سەرپێچی لە سەر محەرەماتی ئاوەڕۆ و گەڕاندنەوەی بۆ باری ئاسایی پێش سەرپێچیەکە بەپێی خەسڵەتە ئەندازەییە کارپێکراوەکان، دەخرێتە ئەستۆی سەرپێچیکار و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ بە هەماهەنگی لایەنی پەیوەندیدار ئەنجام دەدرێت.

**دووەم:** سەرباری لە ئەستۆگرتنی تێچوی لادانی سەرپێچیەکە بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، سەرپێچیکار بە پێبژاردنێک سزا دەدرێت کە لە (٧٥٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**ماددەی (١٧):**

تێپەڕاندنی سنوری هەر محەرەماتێک کە سەرچاوەی پیس بوون بێت و حوکمەکانی ئەم یاسایەدا دیاری نەکرابێت یان ئاماژەی پێنەکرابێت یان (واقع حال) بێت، لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەت پشکنینی بۆ ئەنجام دەدرێت بۆ یەکلایی کردنەوە و چارەسەرکردنی.

**ماددەی (١٨):**

قەرەبوو کردنەوەی گشت ئەو موڵک و زەویانەی وەک شوێنی پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بەکاردێت یان وەک محەرەمات دیاری دەکرێت، لە ڕێگەی بە موڵککردن یان کوژاندنەوە یان بەپێی یاسا بەرکارەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار دەبێت، و بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاو و ئاوەڕۆی پەیوەندیدار لەو یەکە کارگێڕییە تۆمار دەکرێت

## بەشی چوارەم
## یەکەکانی چارەسەرکردن

**ماددەی (١٩):**

**یەکەم:**

١- پێویستە سەرجەم پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون، بازرگانی، پیشەسازیی، گەشتیاریی، تەندروستی یان هەر پرۆژەیەک پاشەڕۆی شلەی پیسی هەبێت، یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆکان دابنێت، و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە گشت نەخشە و هێلکاریەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ دەکرێت.

٢-پێویستە شوشتنگە بە هەموو جۆرەکانی، بەنزینخانەکان و شوێنەکانی خزمەتگوزاریی چاککردنەوەی ئۆتومبێل یەکەی چارەسەری ئاوی بەکار هاتوو دابنێت، و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە گشت نەخشە و هێلکاریەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ دەکرێت.

٣-پێویستە گشت ئەو پرۆژانەی کە پاشەڕۆی کیمیاوی شلی هەیە یەکەی چارەسەری کیمیایی دابنێت، و شێوە و چۆنێتی چارەسەرکردنی پاشەڕۆکان لە هەر دۆخێکدا بێت دیاری بکات، و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکە گشت نەخشە و هێڵکاریەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی بەرێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکاندا جێبەجێ دەکرێت.

**دووەم:**

١- سەرپەرشتی جێبەجێکردنی هەر یەک لە خاڵەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان بە پێی ئاکارە ئەندازەییە بەرکارەکان دەبێت.

٢- سەرپەرشتی و بەدواداچوونی چۆنێتی کارکردنی یەکەکانی چارەسەرکردنی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانە.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم:** ئەو گوژمانەی بەپێی ماددەکانی (بەشی چوارەم)ی ئەم یاساییە وەردەگیرێت، بە داهاتی کۆتایی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان تۆمار دەکرێت و ڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی چاکسازیی و خزمەتگوزاریی پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و هاندان خەرج دەکرێت، و وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهۆی ئەم داهاتە هیچ گوژمەیەک لە بودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکان کەم ناکاتەوە.

**دووەم:** ڕێژەی (١٥%) پازدە لە سەدی ئەو گوژمانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەردەگیرێت، دەدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەشی یان هۆبەی (سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان) کار دەکەن و ئەو لایەنانەی سەرپێچییەکان لادەدەن، ئەمەش بە پێی ڕێنمایی ڕێکدەخرێت و لەلایەن وەزیر دەردەکرێت.

**ماددەی (٢١):**

هەر پێکهاتەیەکی ژێرخانی ئاو و ئاوەرۆ کە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێنەدراوە، ڕێکخستن و کونترۆلکردن و ڕێگەگرتن لە تێکدان و زێدەڕۆیی کردنەسەری بەپێی ڕێنمایەک ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە زیادەڕۆیی یان سەرپێچییان ئەنجام داوە، و لە ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ لە ڕێکەوتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی یان فەرمانگاکان دەکەن لە شوێن و جۆری زیادەڕۆیی یان سەرپێچی، و بە شێوەیەکی فەرمی بەڵێننامە پێشکەش دەکەن کە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا و لە ژێرچاودێری لایەنی پەیوەندیدار زیادەڕۆیی یان سەرپێچییەکە لادەدەن، بەمەرجێك لایەنی پەیوەندیدار لابردنەکە و ئاسایکردنەوەکە بە فەرمی پشت ڕاست بکەنەوە، بە پێچەوانەوە، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**دووەم:** ئەو کەسانەی مۆڵەتی فەرمی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان هەیە، دوای هەڵسەنگاندن لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لە سزاکانی دەقنووسکراوە لەم یاسایەدا بەدەردەکرێن.

**ماددەی (٢٣):**

هەر کەل و پەل و ئامێر و ئامرازێک بۆ سەرپێچی و دەستدرێژیکردنە سەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بەکارهێنرابێت، دەستی بەسەردا دەگیرێت و بە گوێرەی ڕێسا گشتییەکانی دەسبەسەرداگرتن (مصادرة) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی (٢٤):**

هەر کەسێک بەشداربێت لە سەرپێچیکردن و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر، بە هەمان سزای سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار سزادەدرێت.

## بەشی شەشەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (٢٥):**

بە مەبەستی ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، وەزیر ڕێنمایی پێویست دەردەکات.

**ماددەی (٢٦):**

ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی (٢٧):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٢٨):**

ئەم یاسایە لە دوای (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

بە مەبەستی پاراستنی پڕۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان، لە زیادەڕۆیی و سەرپێچی، و دڵنیابوون لە تواناکانی ئەم تۆڕانە لە ڕووی هونەرییەوە، و پارێزگاریکردن لە ژینگە و پێدانی ئاوی خاوێن بە هاوڵاتییان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، و پاراستنی تەندروستی گشتی، و پاراستنی ژێرخانی ئابووری و بە فیڕۆنەدانی سامانی گشتی، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

یاساکە بەدەرچوو دەژمێردرێ بەتێپەربوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی بەپێی حوکمی خاڵی (٢)ی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و بڕگەی (دەیەم) لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٨**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢١/٦/٢٨**

**بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

پشت بە حوکمی بڕگەی(یەکەم)ی ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ، ودوابەدوای دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٦) رۆژی ٢٠٢١/٦/٢٨ ، و لەسەر داوا و بەدەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ، بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوونی راستیەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی پێگەی پەرلەمان بۆ بەرژەوەندی تایبەت ، لەم بەڕێزانەی خوارەوە:-

١- بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم. (سەرۆکی لیژنە)
٢- چیا حمید شەریف. (ئەندام)
٣- شنۆ ئەشقی عبدالله. (ئەندام)
٤- روپاک احمد رحمان. (ئەندام)
٥- اسماعیل علی طه. (ئەندام)
٦- روبینە اویملک عزیز. (ئەندام)
٧- همداد صباح بلال. (ئەندام)

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠٢١/٦/٢٨ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٨٧٨٨ لە ٢٠٢١/٨/١

**بڕیاری ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی لامەرکەزیی بەڕێوەبردن و بنەمای دابەزاندنی دەسەڵات و چڕنەکردنەوەی لە ناوەندە باڵاکانی بەڕێوەبردندا، و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و کارئاسانی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بە گونجاوترین و ئاسانترین شێوە دوور لە ڕۆتین ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٢) لە ٢٠٢١/٧/٢٨،ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایە (استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کە پێکدێت لە:

١- قەزای زاخۆ.
٢- قەزای باتیفا.

**دووەم:** هێنانە کایە(استحداث)ی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە پێکدێت لە:

١- قەزای سۆران.
٢- قەزای چۆمان.
٣- قەزای ڕواندز
٤- قەزای مێرگەسوور

**سێیەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٥٧٠٦ لە ٢٠٢١/٧/١٢**

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

## ڕێنمایی وەرگرتنی باج لەسەر خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی نەخۆشخانە تایبەتیەکانی و پێکهاتەکانی

پاڵپشت بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٢٤٢ لە ٢٠٢١\٤\٢١) بڕیاردرا بە وەرگرتنی باج لە کۆی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەلایەن نەخۆشخانە تایبەتەکانەوە پێشکەش دەکرێت بەپێی پسولەیەکی گشتگیر بەم شێوەی خوارەوە :

**یەکەم:** پێویستە سەرجەم نەخۆشخانە تایبەتەکان کار بەو پسولەیە بکەن کە لەلایەن ( وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی تەندروستی )یەوە دەردەچێت و یەکخراوە بۆ سەرجەم نەخۆشخانەکان .

**دووەم:** ڕێژەی (٥٪) دەبڕدرێت وە دەخرێتە سەر ئەژمێرەی بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە کۆی ئەو پارەی هاووڵاتی دەیدات لە بڕی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی نەخۆشخانە تایبەتەکان و پێکهاتەکانیش ،

**سێیەم:** نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەو باجە بخرێتە سەر هاووڵاتی و بە پێچەوانەوە پزیشک و لایەنی پەیوەندیدار تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت .

**چوارەم:** پێویستە نەخۆشخانەکان ئەو باجە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک وەربگرن و مانگانە بیخەنە سەر ئەژماری بەرێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) ڕۆژی مانگی دوای ئەو مانگەی باجەکەی تێدا جێگیر بووە .

**پێنجەم:** ئەو بڕە باجەی کە وەردەگیرێت بەرامبەر خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی نەخۆشخانە و پێکهاتەکانی بە دەرە لە چالاکیەکانیان ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەردەگیریت بۆ ساڵی دارایی

**شەشەم:**

أ- ئەگەر هاتوو نەخۆشخانە بەپێی ئەو ماوەی کە لە خاڵی چوارەمی ئەو ڕێنماییە دیاری کراوە باجەکەی پێشکەش نەکات ئەوا تووشی سزای یاسایی دەبێتەوە بە ڕێژەی (١٠%) لە باجی کەوتوو ، وە سووی بانکی دەکەوێتە سەر بە ڕێژەی (١,٥٪)ی مانگانە .

ب- لە کاتی بوونی هەر سەرپێچییەک و خۆ دزینەوەیەک لە باج لە لایەن نەخۆشخانەکان و لایەنی پەیوەندیدار ئەوا سەرجەم مادده و بڕگەکانی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموار کراوی لە سەر جێبەجێ دەکرێت ئەگەر هاتوو لە بەڕێوبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت تۆمارکرابوون ، بەڵام ئەگەر لە بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران تۆمارکرابوون ئەوە بە بڕیاری ژمارە(١٠٢)ی ساڵی ٢٠١٧ مامەڵەیان لەگەر دەکرێت.

**حەوتەم:** ئەو شوێنانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە پابەند دەکرێن بە دانانی تۆمارێکی تایبەت بۆ دیاریکردن و جێگیرکردنی باجی وەرگیراو زانیارییەکانی نێو ئەو تۆمارەش ملکەچ دەبێت بۆ چاودێری کردن و وردبینی کردنی لە لایەن بەڕێوبەرایەتیەکانی باجەوە .

**هەشتەم:** پێویستە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١ ، دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**تێبینی**// مەبەست لە پێکهاتە وەک (تاقیگە و سۆنار و .....هتد).

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە : ٨٤٩٠ لە ٢٠٢١/٦/٢٧**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکاران و بە مەبەستی پێداچوونەوە و رێکخستنی ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا بە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا**

- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تایبەت بە ماف و میچی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**ماددەی (١):** خشتەی مافی سەرپەرشتیکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لە سەرتاسەری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت و پێویستە لە میچ (سقف)ی خشتەی ئاماژەپێکراو لە خوارەوە زیاتر نەبێت لەگەڵ رەچاوکردنی دادپەروەری لە پرۆسەی سەرپەرشتیکردن لە نێوان مامۆستایاندا:-

| پلەی زانستی | سەرپەرشتی دکتۆرای کردووە | | سەرپەرشتی ماستەری کردووە | | سەرپەرشتی ماستەر و دکتۆرای نەکردووە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دکتۆرا | ماستەر | دکتۆرا | ماستەر | دکتۆرا | ماستەر |
| پرۆفیسۆر (دکتۆرا) | 4 | 5 | 3 | 5 | 2 | 2 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر (دکتۆرا) | 3 | 4 | 2 | 4 | 1 | 2 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر (ماستەر) | - | - | - | 3 | - | 2 |
| مامۆستا (دکتۆرا) * | - | - | 1 بە هاوبەشی لەگەڵ پلەیەکی زانستی بەرزتر | 3 | - | 1 |

* هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا) پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و مەرجە (١) یەک ساڵ بەسەر وەرگرتنی نازناوی زانستی تێپەربووبێت و هەروەها مەرجە (١) یەک توێژینەوەی زانستی دوای وەرگرتنی نازناوی زانستی (مامۆستا) لە گۆڤارێکی زانستی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو بڵاوکردبێتەوە کە فاکتەری کاریگەری (Impact factor)ی هەبێت و لە لیستی (Clarivate analytics) ئیندێکس کرابێت.

**ماددەی (٢):** مەرجی ئەندامیەتی لە لیژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

**١-** بۆ تاوتوێکردنی لیژنەی ماستەرنامە، مەرجە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ لە (٣) سێ ئەندام کەمتر نەبێت (جگە لە سەرپەرشتیار) بە مەرجێک پێویستە بە لایەنی کەم (٢) دوو ئەندامیان لە دەرەوەی زانکۆکە بن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت و ئەندامەکەی دیکە لە ناوخۆی زانکۆکە بێت کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و پلەی زانستی لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت.

**٢-** بۆ تاوتوێکردنی لیژنەی تێزی دکتۆرا، مەرجە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ لە (٥) پێنچ ئەندام کەمتر نەبێت (جگە لە سەرپەرشتیار) بە مەرجێک پێویستە بە لایەنی کەم (٣) سێ ئەندامیان لە دەرەوەی زانکۆکە بن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت و (٢) دوو ئەندامەکەی دیکە لە ناوخۆی زانکۆکە بن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و پلەی زانستیان لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) کەمتر نەبێت.

**٣-** سەرۆک و ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، نابێت لە ماوەی مانگێکدا لە (٢) دوو تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا زیاتر بەشدار بێت لە سەرتاسەری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. واتە دەکرێت سەرۆک و ئەندامی لیژنەی تاوتوێکردن لە ماوەی مانگێکدا لە (٢) دوو ماستەرنامە یان (٢) دوو تێزی دکتۆرا یاخود (١) یەک ماستەرنامە و (١) یەک تێزی دکتۆرا بەشدار بێت و نابێت لەم ژمارەیە زیاتر بێت.

**٤-** مەرجە تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا لەناو کامپەسی زانکۆ ئەنجام بدرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک تاوتوێکردن ببرێتە دەرەوەی کامپەسی زانکۆ.

**ماددەی (٣):** نابێت هیچ مامۆستایەک ببێتە سەرپەرشتیار یان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا کە پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چواری لەگەڵ قوتابی/خوێندکار دا هەبێت.

**ماددەی (٤):** هەر یەک لە (یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، و ڕاگری کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ، و سەرۆکی بەشی زانستی، و بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ/فاکەڵتی/سکوڵ) بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٥):** کار بە هیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٦):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٨٦٧٣ لە ٢٠٢١/٦/٣٠**

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

## ڕێنمایی هەمواری سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی باڵا / ماستەر
## ڕێنمایی هەمواری چوارەمی ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی٢٠١٦ی خوێندنی باڵا ماستەر
## لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبونەوەی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١ی ئەنجومەنی وەزارەت لە (تەوەری سێیەم : کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا / خاڵی ١٨ ) و پاڵپشت بە ماددەی (٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ، بە هۆی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی ماستەر کە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیراون ، بڕیار درا بە :-

- هەمواركردنەوەی (تەوەری دووەم:خاڵی٦) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەربۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)و هەروەها (تەوەری دووەم:خاڵی ٧) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەکەم:** ماوەی خوێندنی باڵا/ماستەر بریتیە لە (٢) دوو ساڵ، هەروەها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگرەکان ماوە و مۆڵەتی خوێندن درێژ بکاتەوە ، لە کاتی پێویستدا وەزیر دەسەڵاتی دەبێت بۆ درێژ کردنەوەی ماوە ومۆڵەتی خوێندن بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بەبێ مووچە (کە دوایین درێژ کردنەوەیە)، بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی زانکۆی سڕینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن بۆ دەردەچێت.
لە حاڵەتی درێژ کردنەوە بۆ جاری سێیەم ،سەرپەرشتیاری قوتابی /خوێندکار هیچ شایستەیەکی دارایی بۆ خەرج ناکرێت و پێویستە تاوەکو تەواو بوونی ماوەکە بەردەوام بێت لە سەرپەرشتیکردنی ماستەر نامەی قوتابی/خوێندکارەکە.

**دووەم:** کار بەهیچ ڕێنمایی یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ دەقەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**خالد سلام سعید شوانی**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**(بە وەکالەت)**

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە : ١٠٧٠٦ لە ٢٠٢١/٨/٨**

پاڵپشت بە ماددەکانی (٢٠/یەکەم) و (٢١/یەکەم) و (٥٠) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، بڕیاردرا بەدەرکردنی (ڕێنمایی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی) لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ڕێنمایی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

**بەشی یەکەم/ لایەنی ئەکادیمی:**

**ماددەی (١): مەرجەکانی پێشکەشکردن**: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

**١-** مەرجە پێشکەشکار هەڵگری بڕوانامەی ماستەری ئەکادیمی یاخود دکتۆرای ئەکادیمی بێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ئەگەر لە زانکۆکانی ناوەوەی وڵات خوێندنی تەواوکردبێت پێویستە فەرمانی زانکۆیی بەخشینی بڕوانامەی لە لایەن زانکۆکەی بۆ دەرچووبێت.

ب- ئەگەر پێشکەشکار لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات خوێندنی تەواو کردبێت، پێویستە بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجام درابێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بڕوانامەکەی لە ژێر پرۆسەی یەکسانکردن بێت، ئەوا پێویستە پشتگیری لە (وەزارەت/بەڕێوەبەرایەتی یەکسانکردنی بڕوانامەکان) بهێنێت بۆ بەشداریکردن لە خولەکە و تیایدا ئاماژە بدرێت کە بڕوانامەکەی لە ژێر پرۆسەی یەکسانکردندایە، لەم حاڵەتەدا تاوەکو بڕیاری یەکسانکردنی بڕوانامەکەی لە وەزارەت بۆ بەشداربووی خول دەرنەچێت یان ئەگەر بڕوانامەکەی بە ئەکادیمی هەژمار نەکرا، ئەوا بڕوانامەی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆکان پێنابەخشرێت.

**٢-** مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی : لەبەر ئەوەی تەواوی خولەکە بە زمانی ئینگلیزی دەبێت بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ زانکۆی (HAMK) لە وڵاتی فینلاند ئەنجام دراوە، بۆیە مەرجە پێشکەشکار نمرەی (٥)ی (IELTS-Academic) ئایلتسی ئەکادیمی یان هاوتاکانی لە تاقیکردنەوەی (TOEFL- iBT, TOEFL-PBT, PTE) یاخود بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە شێوازی نوێ کراوەتەوە و تاوەکو ئێستا بەردەوامە بەدەستهێنابێت بەپێی ئەو ئاستەی کە دیاریکراوە لە لایەن وەزارەت بەرامبەر نمرەی (٥)ی (IELTS-Academic)، مەرجە بڕوانامەکەی لە کاتی پێشکەشکردن بۆ خولەکە (٣) سێ ساڵی بەسەریدا تێپەڕنەبووبێت.

سەبارەت بە بڕوانامەی خولی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە شێوازی نوێ کراوەتەوە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کاری پێدەکرێت.

هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (TOEFL-iBT, ، IELTS- Academic TOEFL-PBT، Academic-PTE PEARSON) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك بڕوانامەکانی (TOEFL-iBT, TOEFL-PBT ، PEARSON Academic-PTE) کە ماوەی دوو ساڵیان بەسەر تێپەڕیووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

**ماددەی (٢): ماوەی خول**: خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بە شێوازی بۆلۆنیا پرۆسێس (ECTS credit 30) دەبێت و هەر (١) یەک کرێدیت (ECTS credit) یەکسانە بەرامبەر بە (٢٥) کاتژمێری وۆرک لۆد (workload).

**ماددەی (٣): کاتی خول**: بەپێی تایبەتمەندی زانکۆ دەکرێت کاتی ئەنجامدانی خولی پێداگۆجی (بەیانیان یاخود ئێواران) بێت بە گوێرەی ژمارەی بەشداربووان و کاتی مامۆستایانی ڕاهێنەری خول.

**ماددەی (٤): کردنەوەی خول**: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١- کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە دەسەڵاتی زانکۆکان دەبێت و بەپێی خشتەیەکی جێگیر نابێت، بە مەرجێک نابێت لە ساڵێکدا لە (٣) سێ خول زیاتر بکرێتەوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر زانکۆیەک ویستی لە ساڵێکدا لە (٣) سێ خول زیاتر بکاتەوە پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان وەربگیرێت.

٢- دەکرێت خولی راهێنانی پێداگۆجی لە گروپێک زیاتر پێک بێت بە مەرجێک نابێت ژمارەی بەشداربووان لە خولی پێداگۆجی بۆ هەر گروپێک لە نێوان (٣٠ بۆ ٣٥) بەشداربوو زیاتر بێت.

٣- پێویستە گشت زانکۆکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا بکەن بۆ بەشداریکردنی مامۆستایانی ڕاهێنانی خولی پێداگۆجی و پەرەپێدانی مۆدیۆلەکان.

**ماددەی (٥): پرۆگرامی خول** :-

١- پرۆگرامی خوێندنی خولی پێداگۆجی بریتی دەبێت لە (٦) شەش مۆدیۆل (Module) بە شێوەیەکی گشتی.

٢- هەر مۆدیۆلێک (١) یەک مانگ دەخایەنێت کە (٢٤) کاتژمێر بە شێوەی تیۆری ( face to face contact hours -class) دەبێت و هەروەها (٢٤) کاتژمێر بە شێوەی پراکتیکی دەبێت بەم شێوەی خوارەوە:

أ. هەر هەفتەیەک (٢) دوو ڕۆژ وانەوتنەوە بەشێوەی تیۆری (contact hours -face to face class) و هەر رۆژێک (٣) سێ کاتژمێر بەشێوەی تیۆری (contact hours -face to face class) دەبێت.

ب. هەر هەفتەیەک (٢) دوو ڕۆژ وانەوتنەوە بەشێوەی پراکتیکی دەخوێندرێت و هەر رۆژێک (٣) سێ کاتژمێر بەشێوەی پراکتیکی دەخوێندرێت.

ج. کاتژمێرەکانی دیکەی پێویست بۆ تەواوکردنی یەکەکانی (ECTS) بەشێوەی وۆرک لۆد (work load) ئەژمار دەکرێت.

٣- پرۆگرامــی خوێنــدنی خــولی ڕاهێنــانی پێــداگۆجی ئەو پرۆگــرامە دەبێــت کە لە لایەن ئەو مامۆستایانەی کە خولی ڕاهێنانی پێداگۆجیان لە زانکۆی هامک (HAMK) لە وڵاتی فینلاند بینیووە و ئامادەکراوە، ئەگەر پێویست بکات بەڕێوەبەرەکانی سەنتەری ڕاهێنانی پێگداگۆجی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت دەتوانن پرۆگــرامەکە نــوێ بــکەنەوە و پەرەی پــێ بــدەن بە پێــی گۆڕانکاری زانستی سەردەم.

**خشتەی ڕوونکردنەوەی مۆدیۆل و کاتژمێرەکانی خول**

| No | Name of Modules | ECTS Credit | Contact hours ( face to face class) | | | Non-contact hours learning for preparing and practice | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | Assessment and Evaluation | | | | | |
| | | | Day | week | month | Seminar & Presentation | Report & Essay | Reading | Group task | Learning diary | Final project |
| 1 | ICT | 5 | 3 | 6 | 24 | 18 | 16 | 18 | 11 | 16 | 22 |
| 2 | Research Development | 5 | 3 | 6 | 24 | 18 | 16 | 18 | 11 | 16 | 22 |
| 3 | Student-centered Approach | 5 | 3 | 6 | 24 | 18 | 16 | 18 | 11 | 16 | 22 |
| 4 | Innovative Pedagogical methods and Assessment Tools | 5 | 3 | 6 | 24 | 18 | 16 | 18 | 11 | 16 | 22 |
| 5 | Competence-based education | 5 | 3 | 6 | 24 | 18 | 16 | 18 | 11 | 16 | 22 |
| 6 | Edupreneurship | 5 | 3 | 6 | 24 | 18 | 16 | 18 | 11 | 16 | 22 |
| **Total** | | **30 ECTS** | **3×48=144** | **6×24=144** | **24×6=144** | **108** | **96** | **108** | **66** | **96** | **132** |
| | | | **144 Contact hours class** | | | **606 Non-contact hours learning** | | | | | |
| | | | **30 ECTS credit × 25 = 750 workload hours** | | | | | | | | |

**ماددەی (٦): هەڵسەنگاندن و دەرچوون لە خول**: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١. پێویستە سیستەمی هەڵسەنگاندنی بەشداربووان هەبێت کە لە لایەن مامۆستایانی ڕاهێنەری خول دەست نیشان دەکرێت بۆ هەر مۆدیۆلێک بە ڕەچاوکردنی (Assessment criteria) و (Assessment tools).

٢. مەرجە بەشداربوو نمرەی (٦٠) لە کۆی (١٠٠) نمرەی هەڵسەنگاندن لە کۆتایی هەر مۆدیۆل (Module)ێک لە خولەکە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە بە دەرچوو لە مۆدیۆلەکە هەژمار ناکرێت، لێرەدا بڕوانامەی خولی پێ نابەخشرێت و پێویستە لە خولەکانی داهاتوو ئەو مۆدیۆلەی کە نمرەی پێویستی تێیدا بەدەست نەهێناوە دووبارە بکاتەوە تاوەکو کۆی نمرەکەی زیاد بکات و بگات بە ئاستی دەرچوون.

٣. لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشداربوو لە (٣) سێ مۆدیۆل (Module) بە گشتی دەرنەچوو، واتە نمرەی (٦٠)ی لە کۆی (١٠٠) نمرەی (٣) سێ مۆدیۆل (Module) بەدەست نەهێنا، ئەوا بڕوانامەی خولی پێنابەخشرێت و پێویستە تەواوی خولەکە دووبارە بکاتەوە.

**بەشی دووەم / لایەنی کارگێری:**

**ماددەی (٧):** لەسەر ئاستی وەزارەت: خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان لە وەزارەت سەرپەرشتی دەکرێت.

**ماددەی (٨):** لەسەر ئاستی زانکۆکان:

١- لە لایەن (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی) خولەکە بەڕێوەدەبردرێت کە سەنتەرەکە لە رووی هەیکەلیەتی کارگێرییەوە لە ئاستی (بەڕێوەبەرایەتی) دەبێت.

٢- مەرجە بەڕێوەبەری سەنتەر یەکێک بێت لەو مامۆستایانەی کە خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆی (HAMK) لە وڵاتی فینلاند تەواو کردبێت یاخود یەکێک بێت لەو بەشداربووانەی کە خولی راهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆکانی کوردستان بە شێوازی نوێ بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە.

٣- بەڕێوەبەری سەنتەر هەمان ماف و ئیمتیازاتی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی (سەرۆکی بەش)ی دەبێت لە ڕووی لایەنی کارگێری و دارایی (دەرماڵەی پایە و نثریە) و لایەنی زانستی وەکو دابەزینی بەشەوانە (تخفیف ساعات النصاب) کە تەنها (٤) چوار کاتژمێری لە هەفتەیەکدا دەبێت.

٤- بۆ کردنەوەی هۆبە بۆ سەنتەرەکانی خولی راهێنانی پێداگۆجی بە پێی پێویست بە رەچاوکردنی رێنماییەکانی پەیوەندیدار لە دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆکان دەبێت لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری سەنتەرەکان.

**بەشی سێیەم/ لایەنی دارایی:**

**ماددەی (٩): کرێی بەشداریکردن لە خول**: بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:-

١- لە زانکۆ حکومیەکان: بەشداربوو بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار دەدات بە زانکۆ وەکو کرێی بەشداریکردن لە خول.

٢- لە زانکۆ تایبەتەکان: کرێی بەشداریکردن لە خول لە دەسەڵاتی زانکۆ تایبەتەکان دەبێت بە مەرجێک نابێت بڕی کرێیەکە لە (٧٥٠،٠٠٠) حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر بێت.

٣- بڕی کرێی بەشداریکردن لە خول بە قیست دەدرێت بە زانکۆکان کە پێویستە بە لایەنی کەم (٣) سێ قیست بێت.

**ماددەی (١٠): کرێی وانەوتنەوەی مامۆستایانی خول**: بەپێی رێنماییە کارپێکراوە داراییەکان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- سەبارەت بە وانەوتنەوە بەشێوەی تیۆری (face to face class /contact hours)، پاڵپشت بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٥٠) لە (٢٠١٧/٥/٣١) هەر (١) یەک کاتژمێری تیۆری بە (٢) کاتژمێر هەژمار دەکرێت.

٢- سەبارەت بە بەشەوانەی پراکتیکی لە ڕووی داراییەوە، بەپێی رێنماییەکانی پەیوەندیدار هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (١١): رێکارەکانی وەرگرتن و خەرجکردن و بەکارهێنانی داهاتی سەنتەرەکان**: کار بە بڕیار و رێنماییەکانی پەیوەندیدار دەکرێت.

**بەشی چوارەم/ حوکمە کۆتاییەکان:**

**ماددەی (١٢):** بەشداربوو لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامە، هیچ بڕە پارەیەکی دیکەی لێ وەرناگیرێت، تەنها کرێی بەشداریکردن لە خولی لێ وەردەگیرێت.

**ماددەی (١٣):** بڕوانامەی خولی راهێنانی پێداگۆجی بەسەر ناچێت.

**ماددەی (١٤):** کلێشەی بڕوانامەی خولی راهێنانی پێداگۆجی لە گشت زانکۆکانی کوردستان لەسەر یەک شێواز دەبێت و تیایدا هەر یەک لە بەڕێزان (وەزیر و سەرۆکی زانکۆ و بەڕێوەبەری سەنتەر) واژووی لەسەر دەکەن.

**ماددەی (١٥):** پێویستە (٢) دوو ئەندام لە کۆی (٥) پێنچ ئەندامی (لێژنەی پێدانی نازناوی زانستی زانکۆکان) بریتی بن لە بەڕێوەبەری سەنتەری پێداگۆجی و مامۆستایەکی دیکە کە خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆی هامک لە وڵاتی فینلاند بینیووە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەڕێوەبەری سەنتەری پێداگۆجی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان نازناوی زانستی (مامۆستا یاریدەدەر) بوو، ئەوا ناوبراو دەبێتە (بڕیاردەری لیژنەی پێدانی نازناوی زانستی) لە زانکۆکان. بەڵام ئەگەر لە زانکۆیەک خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی نەبوو، ئەوا پێویستە (٢) دوو ئەندام لە کۆی (٥) پێنچ ئەندامی (لێژنەی پێدانی نازناوی زانستی زانکۆکان) بریتی بن لە مامۆستایانی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی زانکۆکانی کوردستان کە لە زانکۆی هامک لە وڵاتی فینلاند خولی ڕاهێنانی پێداگۆجیان بینیوە.

**ماددەی (١٦):** ئامادەبوونی بەشداربووان لە خولەکە بە پێی فۆڕمێکی تایبەت بە سەنتەر تۆمار دەکرێت، ئەگەر هەر بەشداربوویەک ڕێژەی زیاتر لە (١٠%) بۆ هەر مۆدیۆلێک ئامادە نەبێت، واتە لە هەر مۆدیۆلێک (٦) کاتژمێر لە کۆی (٢٤) کاتژمێر بەشێوەی (contact hours) ئامادە نەبوو، ئەوا پێویستە لە خولەکانی داهاتوو مۆدیۆلەکە دووبارە بکاتەوە و بڕوانامەی پێ نابەخشرێت.

**ماددەی (١٧):** بەشداربووانی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە کاتی ئەنجامدانی سیمیناری نازناوی زانستی پێویستی بە دووبارە بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی ناکات، بەڵام ئەو بەشداربووانەی کەوا پێشووتر بە بێ مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بەشداریان لە (خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی پێشوو) لە زانکۆکان کردووە، ئەوا پێویستە مەرجی توانستی زمان بۆ ئەنجامدانی سیمیناری نازناوی زانستی بە پێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان دەستەبەر بکەن.

**ماددەی (١٨):** لە دەسەڵاتی زانکۆکان دەبێت کە لە کۆتایی هەر خولێکی پێداگۆجی، زانکۆکان ڕێوڕەسمی بەخشینی بڕوانامە بە بەشداربووان ڕێکبخەن و (٣) سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی خول خەڵاتی ڕێزلێنانیان لە لایەن زانکۆوە پێ بدرێت.

**ماددەی (١٩):** پێویستە هەفتەی یەکەمی سەرەتای خولەکە (ئاراستەکردن-Orientation) بیت بە مەبەستی بەرچاو ڕوونی و ئاشنابوونی بەشداربووان بە ڕێنمایی و ناوەڕۆکی خول.

**ماددەی (٢٠):** لە حاڵەتی هەبوونی پاساوی ڕەوا (عذر مشروع) ڕێگە بە بەشداربووان دەدرێت کە بتوانن مۆدیۆلێک یاخود دوو مۆدیۆل لە سەنتەرێکی دیکەی پێداگۆجی لە زانکۆکانی کوردستان بخوێنێت بە شێوەی میوانداری، بە مەرجێک سەنتەری پێداگۆجی زانکۆ بنەڕەتیەکەی ئاگادار بێت و بڕوانامەی لەو زانکۆیە پێ دەبەخشرێت کە لە بنەرەتدا ناوی لێ تۆمارکراوە.

**ماددەی (٢١):** پێویستە پێش کۆتایی هاتنی خولەکە، پرۆسەی فیدباکی بەشداربوون ( Participant feedback) ئەنجام بدرێت و بەهەند وەربگیرێت و هەروەها بۆ پەرەپێدانی زیاتری خولەکان سوودی لێ وەربگیرێت.

**ماددەی (٢٢):** گشت سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە هەر یەک لە زانکۆ تایبەتەکانی (گەشەپێدانی مرۆیی و لوبنانی فەرەنسی و نەورۆز) بە هەمان بەهای زانستی و ئەکادیمی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بڕوانامەکانی بەدەستهاتووی خولەکان لە سەرتاسەری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

**ماددەی (٢٣):** دەکرێت ئەنجومەنی زانکۆکان میکانیزمی گونجاو و پێویست دەست نیشان بکەن بۆ هاندانی مامۆستایانی زانکۆی خاوەن نازناوی زانستی کە پێشووتر خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوەیان تەواو کردووە بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە خولی ڕاهێنانی نوێی پێداگۆجی بۆ ماوەی یەک مانگ و نیو بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و شێوازی پرۆسەی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی هاوچەرخ، لە بەرامبەردا هەوڵ و کۆششی مامۆستایانی زانکۆ لە بەشداریکردن لە خولەکە بەرز رابگیرێت.

**ماددەی (٢٤):** کار بە هیچ ڕێنمایی و گشتاندن و فەرمانی وەزاری ناکرێت کە پێچەوانە و ناکۆك بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢٥):** بەڕێوەبەری سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆکان بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٢٦):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕێنمایی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە بوارەکانی ئەکادیمی و دارایی و کارگێری بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی وەرگرتنی نازناوی زانستی، بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند.

**د.ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٦٩٨ لە ٢٠٢١/٨/٢٣**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢١**

دوا بەدوای بڕیارمان ژمارە (٢)لە ٢٠١٧/٢/٢ ، وە لەسەر پێشنیاری سەرۆكایەتی دادگا تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەپێی نووسراویان ژمارە (١١٦ نهێنی) لە ٢٠٢١/٨/١٧ ، وە لەبەرژەوەندی گشتی و كەمی دادوەر بڕیاردا بە كۆی دەنگ

- بە هەڵوەشاندنەوەی دادگای تاوانی هەولێر/٤ وە دەسەڵات درا بە سەرۆكی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بە دابەش كردنی كارەكانی دادگا ئاماژە پێكراو بەسەر دادگای تاوانی هەولێر/ (١و٢و٣).

**دادوەر**

**عبدالجبار عزیز حسن**

**سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بەوەكالەت**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٤٤٠٧ لە ٢٠٢١/٧/٢٦**

**بەیانی ژمارە(٢٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

**فراوانكردنی حەرەمی گوندی سەروكانی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ماددەی (٦) بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاكانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار كراو ، و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانكردنی و هێنانەكایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەكان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەمواركراو ، ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (٣٠٥٤ لە ٢٠٢١/٦/١٦) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١ ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :-

**یەكەم:** فراوانكردنی حەرەمی گوندی (**سەروكانی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری قەزای شێخان لە پاریزگای دهۆک بە ڕووبەری (٣،٢٥، ١١) یازدە دۆنم و سێ ئۆلك و بیست وپێنج م٢ لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٤) لە كەرتی (٤٢ عین سفنێ شرقیە)وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) كاری پێدەكرێت.

**ڕێبەر احمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٤٥٧١ لە ٢٠٢١/٧/٢٧**

**بەیانی ژمارە(٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

**دوا بە دوای کۆبوونەوەی لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) لە ٢٠٢١/٧/٢٧ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە**

**یەکەم:** پێویستە شوێنە ئایینی و بازاڕ و مۆڵ و دوکاندار و شوێنە گەشتیارییەکان و چێشتخانە وکافتریا و هۆتیل و مۆتیلەکان کارمەندانەکانیان ڤاکسین بەکاربهێن ، یان تێستی (٧٢) کاتژمێری پێ بێت ، لێژنەکان بە دواداچوونی بۆ دەکەن و هەر شوێنێك سەرپێچی بکات سزا دەدرێت و شوێنەکەی دادەخرێت .

**دووەم:** پێویستە هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم ڤاکسین وەربگرن و بە ماسکەوە دەوام بکەن ،هەر فەرمانبەرێک رێکارەکان جێبەجێ نەکات ، ئەوە بەپێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەران مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لێژنەی هاوبەشی وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و فەرمانگەی هەماهەنگی و بە دواداچوون هەڵسەنگاندنی بۆ جێبەجێکردنی رێکارەکان لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی دەکات

**سێیەم:** رێگە نادرێت بە هیچ گەشتیارێك بێتە ناو هەرێمی کوردستان ئەگەر ڤاکسینی وەرنەگرتبێت یان تێستی ٤٨کاتژمێری پێ نەبێت .

**چوارەم:** هەر کۆمپانیایەکی گەشتیاری دەرکەوت تێستی ساختەی پێیە ، ئەو کۆمپانیایە لە گەشت کردن بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغە دەکرێت .

**پێنجەم:** سەپاندنی بەستنی ماسک لە دام و دەزگاکانی حکومەت و شوێنە گشتی وگەشتیارییەکان تەنانەت بۆ ئەوانەش ڤاکسینیان وەرگرتووە.

**شەشەم:** قەدەغەکردنی بە تەواوەتی هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکان و چوونە سەر قەبران .

**حەوتەم:**مەلەوانگە و شوێنە وەرزشییەکان کراوە دەبن بە مەرجی جێبەجێکردنی رێکارە تەندروستییەکان

**هەشتەم:** هۆڵی سینەماکان لە گشت مۆڵ وبازاڕەکان بە داخراوی دەمێنێتەوە.

**نۆیەم:** داخستنی تەواوی هۆڵی بۆنە ئاهەنگ و مەراسیم و هۆڵەکا نی ناو هۆتێلەکان .

**دەیەم:** دانانی پرسە بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە و هەر کەسێك پابەند نەبێت بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملێۆن دینار پێبژاردنیان پێدەدرێت و لێژنەکانی قائیمقامیەت و بنکەی پۆلیس و موختاری گەرەکەکان بە دواداچوون بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.

**یانزدەم :** شوێنە ئایینییەکان بەجێبەجێکردنی رێکارە تەندروستییەکان و رێکاری توندی خۆپارێزی کراوە دەبن و هەر شوێنێك پابەند نەبێت دادەخرێت

**دوانزدەیەم:** ژووری ئۆپەراسیۆن لە پارێزگا و ئیدارە سەربە خۆکان دەبێت ئەم رێکارانە وەك خۆیان جێبەجێبکەن و دەستەلاتیشیان پێدەدرێت ئەگەر پێویست بێت رێکارەکان توندتر بکرێت

**سیانزدەیەم:** لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا داوا لە میدیاکان دەکات هاوکار بن لە هۆشیار کردنەوەی هاوولاتیان و ئاگاداری تەواوی هاوولاتیان و کاسبکاران و دانیشتوانی هەرێم دەکات لە جێبەجێ نەکردنی ئەو رێکارانە ناچار دەبین رێکارەکان توندتر بکەن.

**چواردەیەم :** ئەم رێکارانە بۆ ماوەی هەفتەیەک دەبێت و لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە رۆژی ٢٠٢١/٨/٣ جارێکی دیکە کۆ دەبێتەوە و هەڵسەنگاندن بۆ پرسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەکات

**پانزدەیەم:** ئەم بەیانە لە ٢٠٢١/٧/٢٧ کاتژمێر (١٢:٠٠) شەو جێبە جێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**
**سەرۆکی لێژنە باڵا**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٥٧٢ لە ٢٠٢١/٨/١١**

**بەیانی ژمارە(٢٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**هێنانە کایەی هەردد ئیدارەی سەربەخۆی (سۆران و زاخۆ)**

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٧ لە ٢٠٢١/٧/٢٨) کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (٨٧٨٨ لە ٢٠٢١/٨/١) بۆمان هاتووە و بەمەبەستی بەرجەستەکردنی لامەرکەزی بەرێوەبردن و بنەمای دابەزاندنی دەسەڵاتەکان و بۆ زیاتر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە: دەرچواندنی ئەم بەیانە

**ماددەی یەکەم:** هێنانەکایەی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کە پێکدێت لە :

١- قەزای زاخۆ

٢-قەزای باتیفا

**ماددەی دووەم:** هێنانەکایەی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە پێکدێت لە :

١- قەزای سۆران

٢- قەزای چۆمان

٣-قەزای رواندز

٤- قەزای مێرگەسوور

**ماددەی سێیەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی بڕیاری سەرەوە لە ٢٠٢١/٧/٢٨ جێبەجێ دەکرێت لە (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٥٧٢ لە ٢٠٢١/٨/١٥**

**بەیانی ژمارە(٢٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ترازانی گوندی (باراو) لە ناحیەی سورچک / قەزای سەید صادق و لکاندنی بە ناحیەی سیتەک / قەزای شارباژێر لە سنووری پارێزگای سلێمانی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی سێیەم بڕگە/یەکەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ماددەی (بیست وشەش) بڕگەی (دووەم) لە یاسایی پارێزگاکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ هەمواركراو ، ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٨٥ لە ٢٠٢١/٦/٢٢) و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان / سەرۆک وەزیران ژمارە (٢٣٥٥ لە ٢٠٢١/٧/١٥) و نووسراومان ژمارە (٥٢٩٩ لە ٢٠٢١/٢/٢٨) و (١٧٠٢ لە ٢٠١٩/١/٢٧) و (٩١٤٦ لە ٢٠٢١/٥/٤) و هەردوو نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٦٧٥ لە ٢٠١٩/١/١٥) و(١٦٤٩ لە ٢٠٢١/٢/٣) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ٢٥ی ساڵی ٢٠١٨ بڕیارماندابە:

١- ترازانی گوندی (**باراو**) لە ناحیەی سورچک / سەر بە قەزای سەید صادق و لکاندنی بە ناحیەی سیتەک / قەزای شارباژێر.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٧٧٧ لە ٢٠٢١/٨/١٥**

**بەیانی ژمارە(٢٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**گۆرینی ناوی (گورگەدەر) بۆ (سەرقەڵای عوزێری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ئاماژە بەبڕگە (١٣)ی ماددەی شەشەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو ، و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٥ی ساڵی٢٠٢١) تایبەت بە پێشنیاریان بە گۆرینی ناوی گوندی (گورگەدەر) بۆ (سەرقەڵای عوزێری) و بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە

**یەکەم:** گۆرینی ناوی گوندی (گورگەدەر) بۆ ( سەرقەڵای عوزێری) لە سنووری پارێزگای سلێمانی/قەزاری دوکان/ ناحیەی پیرەمەگروون

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاودەکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە:-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەڕێوبەرایەتی سەنتەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی منداڵان لە پارێزگای دهۆک سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەو تویژە لە ناو کۆمەڵگا و پاراستنی مافەکانیان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :

١- هێنانە کایەی (استحداث) کردنی (٢) دوو بەشی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (سلێمانی و دهۆک) لە ئیدارەی ڕاپەرین و دەڤەری ئاکرێ بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ژمارەیەکی زۆرتری کرێکاران لەم هەردوو سنورە.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) ی بڕگەی (٢) لە یاسایی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) .

١- هێنانە کایەی ( استحداث) کردنی هۆبەی چاودێری کۆمەڵایەتی سەر بە بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی کفری بە مەبەستی ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداوەستی تایبەت لە سنوری قەزای کفری .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی**

**ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی سیتکان) لە سنوری بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٤.

**بەیانی**

**ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (ڕاوێژکاری نەخۆشیەکانی دەم و ددان و ڕوو و شەویلاک (oral and maxilla ofacil medicine) لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٦.

**بەیانی**

**ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی دەرمان و ماددە بێهۆشکەرەکان) لە بەرێوبەرایەتی کۆنترۆلکردنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی لە کوردستان سەر بە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٦.

**بەیانی**

**ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (هۆبەی مووچە) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایک بوونی فێرکاری سەر بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی**

**ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢١**

-کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی ریفراندۆم) لە بەڕێوبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٨.

**بەیانی**

**ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (کلینیکی ڕاوێژکاری جەلال محمود) لە پێنچوین سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١.

**بەیانی**

**ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

-کردنەوەی(نەخۆشخانەی چاوی هەولێری فێرکاری) سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر. لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە.

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١٢.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان - العراق**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، صادق برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية رقم (٩) بتأريخ ٢٠٢١/٤/٢١، على القانون الآتي:

## قانون رقم (٤) لسنة ٢٠٢١
## قانون حماية مشاريع وشبكات الماء والمجاري
## في إقليم كوردستان - العراق

### الفصل الأول
### التعاريف والأهداف

**المادة (١): التعاريف**

يقصد بالعبارات الآتية لأغراض أحكام هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً: الوزارة**: وزارة البلديات والسياحة في الإقليم.

**ثالثاً: الوزير**: وزير البلديات والسياحة في الإقليم.

**رابعاً: المديرية العامة**: المديرية العامة للماء والمجاري في الوزارة.

**خامساً: المدير العام**: المدير العام للماء والمجاري.

**سادساً: المديرية**: مديرية الماء أو مديرية المجاري.

**سابعاً: المدير**: مدير مديرية الماء أو المجاري.

**ثامناً: مسؤول الدائرة**: مسؤول دائرة الماء أو المجاري.

**تاسعاً: الشبكات**: شبكات الماء والمجاري ومكوناتها.

**عاشراً: المشاريع**: تشمل مشاريع تنقية ومعالجة الماء والمجاري، والآبار، ومشاريع استلام مصادر المياه وخزن المياه والمجاري والمحطات الثانونية للنقل.

**حادي عشر: الجهة ذات العلاقة**: المديريات الخدمية التي تنسق مع مديريات ودوائر الماء والمجاري.

**ثاني عشر: المخالفة**: تشمل الإضرار أو كسر أو إتلاف وتخريب المشاريع، خزانات المياه، خطوط النقل، شبكات الماء والمجاري، أقفال المياه، المنهولات، وأغطيتها، فتحة استلام المجاري، أنابيب استلام المجاري وأي مكونات أخرى للبنى التحتية للماء والمجاري.

**ثالث عشر: التجاوز:** يشمل ربط الأنابيب بشبكات وخطوط نقل الماء والمجاري، وربط مضخة الماء بالأنبوب الرئيسي للشبكات، والقيام بأي عمل في محرمات أنابيب النقل وربط الماء الثقيل بشبكات المجاري دون رخصة أو بما يتجاوز الترخيص.

**رابع عشر: المحرمات:** هي حدود مشاريع وشبكات الماء والمجاري التي يحظر فيها إجراء أي عمل مثل البناء، وضع ومد شبكات الإنترنت وخطوط وأعمدة الكهرباء، تلويث مصادر مشاريع المياه وأي عمل آخر دون الحصول على موافقة مديريات ودوائر الماء والمجاري.

**خامس عشر: المشترك:** أي مستفيد ينتفع من خدمات الماء والمجارى بموجب ترخيص رسمي صادر من المديريات والدوائر المختصة.

**سادس عشر: اللجنة الخاصة:** اللجنة التي تقوم بأعمال متابعة ومراقبة وتنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢): الأهداف**

**أولاً:** منع المخالفات والتجاوزات على مشاريع وشبكات الماء والمجاري.

**ثانياً**: المحافظة على نظافة مياه الشرب للمشتركين ومنع هدر الماء واختلاطه مع مياه المجاري لغرض الوقاية من تفشي الأوبئة والأمراض وحماية الصحة العامة والبيئة.

**ثالثاً**: حماية وتنمية الماء باعتباره جزءاً مهماً من الثروة العامة.

**رابعاً**: معاقبة المخالف والمتجاوز على مشاريع وشبكات الماء والمجاري من خلال منح السلطة للجهة المختصة.

## الفصل الثاني
## الإجراءات القانونية

**المادة (٣)**

**أولاً**: تشكل لجنة خاصة بأمر المدير العام أو مدير أو مسؤول الدائرة، كل في حدود سلطة الإدارية، بالتنسيق ومشاركة الجهة ذات العلاقة.

**ثانياً**: يُخول المدير العام اللجان الخاصة صلاحية رصد أنواع وأشكال التجاوزات والمخالفات في حدود كل مديرية ودائرة.

**ثالثاً**: تقوم اللجنة الخاصة برصد أنواع وأشكال المخالفات والتجاوزات وتبلغ بها الجهات المسؤولة من خلال تقرير، وتصدر الجهة المسؤولة القرار اللازم بخصوص المخالفة أو التجاوز وتحدد مقدار العقوبة بموجب أحكام هذا القانون.

**رابعاً**: تنظم تشكيلات ومهام اللجنة الخاصة بتعليمات يصدرها الوزير.

**المادة (٤)**

**أولاً**: يتمتع المدير العام أو كل من يخوله بسلطة قاضي الجنح فيما يتعلق بفرض العقوبات الواردة في هذا القانون.

**ثانياً**: يخضع قرار عقوبة الغرامة للطعن بموجب قانون مجلس الشورى النافذ في إقليم كوردستان.

**المادة ( ٥ ):**

**أولاً**: إضافة إلى العقوبات الواردة في هذا القانون، يتحمل المتجاوز والمخالف نفقات صيانة شبكات الماء وطمر ما فوق شبكة الماء وإعادتها إلى وضعها الاعتيادي وفقاً للمواصفات الهندسية المعتمدة، وتنفذ من قبل مديرية أو دائرة الماء بالتنسيق مع الجهة ذات العلاقة.

**ثانياً**: فضلاً عن النفقات الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة:-

١. كل من يرتكب المخالفات الواردة في هذا القانون، يعاقب بغرامة على الوجه الآتي:

أ. مبلغ لا يقل عن (٢٥٠،٠٠٠) مائتي وخمسين ألف دينار ولا يزيد على (٤٠٠،٠٠٠) أربعمائة ألف دينار إذا كانت المخالفة على أنبوب ماء قطره (٢/١) نصف انج إلى (٣) ثلاثة انجات.

ب. مبلغ لا يقل عن (٣٠٠،٠٠٠) ثلاثمائة ألف دينار ولا يزيد على (٦٠٠،٠٠٠) ستمائة ألف دينار إذا كانت المخالفة على أنبوب ماء قطره أكبر من (٣) ثلاثة انجات إلى (٦) ستة انجات.

ج. مبلغ لا يقل عن (٧٥٠،٠٠٠) سبعمائة وخمسين ألف دينار ولا يزيد على (١،٥٠٠،٠٠٠) مليون وخمسمائة ألف دينار إذا كانت المخالفة على خط مائي يكون أكبر من (٦) ستة انجات إلى (١٢) اثني عشر انجاً.

د. مبلغ لا يقل عن (٢،٠٠٠،٠٠٠) مليوني دينار ولا يزيد على (٤،٠٠٠،٠٠٠) أربعة ملايين دينار إذا كانت المخالفة على خط مائي يكون أكبر من (١٢) اثني عشر انجاً إلى (٢٤) أربعة وعشرين انجاً.

هـ. مبلغ لا يقل عن (٦،٠٠٠،٠٠٠) ستة ملايين دينار ولا يزيد على(٨،٠٠٠،٠٠٠) ثمانية ملايين دينار إذا كانت المخالفة على خط مائي يكون أكبر من (٢٤) أربعة وعشرين انجاً فما فوق.

٢. كل من يرتكب التجاوزات الواردة في هذا القانون يعاقب بغرامة على الوجه الآتي:

أ. مبلغ (٤٥٠،٠٠٠) أربعمائة وخمسون ألف دينار عند ربط أنبوب قطره (٢/١) نصف انج بشبكات الماء.

ب. مبلغ (٧٥٠،٠٠٠) سبعمائة وخمسون ألف دينار عند ربط أنبوب قطره (٤/٣) ثلاثة أرباع الانج بشبكات الماء.

ج. مبلغ (١،٠٠٠،٠٠٠) مليون دينار عند ربط أنبوب قطره يزيد على (٤/٣) ثلاثة أرباع الانج بشبكات الماء.

**المادة (٦):**

**أولاً**: فضلاً عن ارتكاب مخالفة أو تجاوز وارد في هذا القانون، كل من يأخذ مادة من مواد مشاريع وشبكات الماء، يعاقب بغرامة لا تقل عن (٣٠٠،٠٠٠) ثلاثمائة ألف دينار وعلى تزيد على (٧٥٠،٠٠٠) سبعمائة وخمسون ألف دينار لكل مادة واحدة، وفضلاً عن أي عقوبة واردة في القوانين النافذة.

**ثانياً**: يطبق حكم الفقرة (أولاً) من هذه المادة على كل شخص قام ببيع وشراء هذه المواد المأخوذة.

**المادة (٧):**

**أولاً**: يعاقب المشترك بغرامة في الأحوال الآتية:

١- مبلغ (٥٠،٠٠٠) خمسون ألف دينار إذا لم يربط الطوافة على خزان الماء.

٢- مبلغ لا يقل عن (٢٠٠،٠٠٠) مائتي ألف دينار ولا يزيد على (٤٠٠،٠٠٠) أربعمائة ألف دينار حسب قطر الأنبوب إذا كان له أكثر من اشتراك واحد دون موافقة المديرية والدائرة.

**ثانياً**: يستحصل ثمن المياه التي هدرها المشترك من شبكات الماء بموجب حكم الفقرة (أولاً) من هذه المادة، وفقاً للمدة والتسعيرة المعمولة بها ويتم احتسابه من قبل المديريات والدوائر.

**المادة (٨):**

**أولاً**: يتحمل الشخص المخالف والمتجاوز على شبكات المجاري نفقات الصيانة والطمر بصورة هندسية وتغطيتها وإعادتها إلى وضعها الاعتيادي وفقاً للمواصفات الهندسية المعتمدة.

**ثانياً**: فضلاً عن إلزام الشخص المخالف والمتجاوز على شبكات المجاري بالصيانة، يعاقب بغرامة على الوجه الآتي:-

١- مبلغ (١٥٠,٠٠٠) مائة وخمسون ألف دينار لشبكة مجاري قطرها (٢٠ إلى ٤٠)سم.

٢- مبلغ (٣٠٠,٠٠٠) ثلاثمائة ألف دينار لشبكة مجاري قطرها (٤٥ إلى ٧٥)سم.

٣- مبلغ (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار لشبكة مجاري قطرها (٨٠ إلى ١٢٠)سم.

٤- مبلغ (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار لشبكة مجاري قطرها (١٢٥ إلى ١٨٠)سم.

٥- مبلغ (٢,٠٠٠,٠٠٠) مليوني دينار لشبكة مجاري قطرها (١٨٥ إلى ٢٦٠)سم.

٦- مبلغ (٥,٠٠٠,٠٠٠) خمسة ملايين دينار لشبكة مجرى صندوقي بجميع قياساتها.

٧- بمبلغ لا يقل عن (١٠٠,٠٠٠) مائة ألف دينار ولا يزيد على (٣٠٠,٠٠٠) ثلاثمائة ألف دينار بسبب رمي أية مواد أو مخلفات تؤثر في قدرة تصريف المياه لشبكات المجاري.

٨- بمبلغ لا يقل عن (٦٠٠,٠٠٠) ستمائة ألف دينار ولا يزيد على (١,٥٠٠,٠٠٠) مليون وخمسمائة ألف دينار بسبب ربط المجاري بدون موافقة المديرية أو الدائرة.

**المادة (٩):** فضلاً عن إعادة المادة المأخوذة أو تحمل شرائها بالسعر السائد، يعاقب المخالف بغرامة على الوجه الآتي:-

١- بمبلغ (٢٠٠,٠٠٠) مائتي ألف دينار عن أخذ مشبك فتحة استلام المجاري.

٢- مبلغ (٢٥٠,٠٠٠) مائتين وخمسين ألف دينار عن أخذ مشبك فتحة استلام المجاري مع إطاره.

٣- مبلغ (٤٠٠,٠٠٠) أربعمائة ألف دينار عن أخذ غطاء المنهول.

٤- مبلغ (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار عن أخذ غطاء المنهول مع إطاره.

**المادة (١٠):**

**أولاً**: كل من يرتكب تجاوزاً للمرة الثانية عن طريق عملية الربط يعاقب بغرامة لا تقل عن (٥٠٠,٠٠٠) خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (١,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار مع مصادرة المواد.

**ثانياً**: تعد الأحوال الآتية ظرفاً مشدداً:-

١- إذا ارتكب التجاوز من قبل شخص فني أو مهني.

٢- إذا ارتكب التجاوز من قبل موظفي الوزارة.

٣- إذا سمح المتجاوز بتجاوز أو مخالفة أشخاص آخرين على الشبكة التي تجاوز عليها.

**ثالثاً**: إضافة إلى العقوبات الواردة في البند (٢) من الفقرة (ثانياً) من هذه المادة، لا يستثنى الموظفون من أحكام قانون انضباط موظفي الدولة النافذ في الإقليم.

**المادة (١١):**

**أولاً:**

١- يقلص مقدار الغرامات المقررة بموجب أحكام هذا القانون بنسبة (٣٠%) ثلاثين من المائة إذا دفع المخالف أو المتجاوز هذه الغرامات خلال مدة (١٥) خمس عشرة يوماً من تأريخ صدور القرار.

٢- يقلص مقدار الغرامة بنسبة (١٥%) خمس عشرة من المائة إذا دفع المخالف أو المتجاوز هذه الغرامات خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ صدور القرار.

٣- يقلص مقدار الغرامة بنسبة (١٠%) عشرة من المائة إذا دفع المخالف أو المتجاوز هذه الغرامات خلال مدة (٦٠) ستين يوماً من تأريخ صدور القرار.

**ثانياً**: إذا امتنع المخالف أو المتجاوز عن دفع مبلغ الغرامة بموجب أحكام هذا القانون يعامل بموجب قانون (تحصيل الديون الحكومية) رقم (٥٦) لسنة ١٩٧٧ المعدل.

## الفصل الثالث
## محرمات مشاريع وشبكات الماء والمجاري

**المادة (١٢):**

**أولاً**: يتم احتساب محرمات مشاريع الماء على الوجه الآتي:

١- من مركز البئر إلى (١٥) خمسة عشر متراً لمحرمات آبار مياه الشرب.

٢- ما لا يقل عن (٢٥) خمسة وعشرين متراً لمحرمات الينابيع والآبار السطحية.

٣- من السور إلى (٢٥) متراً لمحرمات مشاريع محطات المياه.

٤- من السور إلى (١٥) خمسة عشر متراً لمحرمات محطات الماء الثانوية.

٥- من السور إلى (١٠) عشرة أمتار لمحرمات الخزانات السطحية والجوفية.

٦- بمقياس (الارتفاع × ١،٥) لمحرمات الخزانات العالية.

**ثانياً**: يجب أن تبعد معمل الحصى والرمل في الأقل (٣) ثلاثة كيلومترات عن الجزء المتسلم لمشاريع الماء إذا كانت تقع في الجهة العلوية لمتسلم المشروع، و(١) كيلومتراً واحداً إذا كانت تقع في الجهة السفلية لمتسلم المشروع وعلى جهتي النهر، مع تنفيذ جميع إجراءات المحافظة على نظافة المجرى الرئيسي للنهر والمصادر من جميع أنواع التلوث.

**ثالثاً**: يجب أن لا تقل المسافة بين مشاريع وحقول تربية المواشي والدواجن والأسماك وبين الينابيع والآبار السطحية ومشاريع تنقية المياه والمجاري عن (٥٠٠) خمسمائة متر.

**المادة (١٣):** يتم احتساب محرمات شبكات الماء من مركز الأنبوب على الوجه الآتي:

**أولاً:** ما لا يقل عن (١) متر واحد لشبكات التوزيع لمحرمات أنابيب المياه التي يصل قطرها إلى (٨) ثمانية انجات.

**ثانياً:** فيما يخص شبكات النقل داخل حدود البلديات يتم احتسابها على الوجه الآتي:

١- ما لا يقل عن (١,٥) متر ونصف المتر للخط المائي الذي يزيد قطره على (٨ إلى ١٦) انجاً.

٢- ما لا يقل عن (٢) مترين للخط المائي الذي يزيد قطره على (١٦ إلى ٢٤) انجاً.

٣- (٣,٥) ثلاثة أمتار ونصف المتر أو ما يزيد حسب الاقتضاء ووجود المجال اللازم للخط المائي الذي يبلغ قطره (٢٤) أربعة وعشرين انجاً فما فوق.

**ثالثاً:** فيما يخص شبكات النقل خارج حدود البلديات يتم احتسابها على الوجه الآتي:

١- ما لا يقل عن (٤) أربعة أمتار للخط المائي الذي يزيد قطره على (٨ إلى ١٦) انجاً.

٢- ما لا يقل عن (٧) سبعة أمتار للخط المائي الذي يزيد قطره على (١٦ إلى ٢٤) انجاً.

٣- ما لا يقل عن (١٠) عشرة أمتار للخط المائي الذي يزيد قطره على (٢٤) أربعة وعشرين انجاً.

**المادة (١٤):**

**أولاً:** يحظر القيام بأي عمل، مثل البناء، ومد شبكات الإنترنت والكهرباء، ووضع أعمدة الكهرباء، أو أي عمل آخر، داخل حدود محرمات المشاريع والشبكات دون أخذ موافقة الجهة ذات العلاقة.

**ثانياً:**

١- يتحمل المتجاوز نفقات إزالة التجاوز على محرمات مشاريع الماء وإعادتها إلى وضعها الاعتيادي قبل التجاوز وفقاً للمواصفات الهندسية المعتمدة ويتم إجراؤها من قبل مديرية الماء والمجاري بالتنسيق مع الجهة ذات العلاقة.

٢- إضافة إلى تحمل نفقات إزالة التجاوز بموجب البند (١) من هذه الفقرة، يعاقب المتجاوز بغرامة لا تقل عن (٧٥٠،٠٠٠) سبعمائة وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (١،٥٠٠،٠٠٠) مليون وخمسمائة ألف دينار.

**المادة (١٥) :** يتم احتساب محرمات المجاري على الوجه الآتي:-

**أولاً:** مسافة (٢) مترين من الحافة الخارجية لكل طرف لمحرمات أنابيب المجاري مع مراعاة الخدمات العامة

**ثانياً:** مسافة (٣) ثلاثة أمتار من الحافة الخارجية لكل طرف لمحرمات المجرى الصندوقي بجميع قياساته مع مراعاة الخدمات العامة.

**ثالثاً:** تتم حماية محرمات مجرى الماء الطبيعي بعرض المجرى مع (١٠ إلى ٢٠) متراً كمحرمات في كل جانب، ويتم إقرارها من قبل لجنة خاصة.

**رابعاً:** تكون مسافة المحرمات الخاصة بمشاريع محطات معالجة المجاري (٢٥) خمسة وعشرين متراً من سورها.

**المادة (١٦):**

**أولاً:** يتحمل المخالف نفقات إزالة المخالفة على محرمات المجاري وإعادتها إلى وضعها الاعتيادي قبل المخالفة وفقاً للمواصفات الهندسية المعتمدة، ويتم إجراؤها من قبل مديريات الماء والمجاري بالتنسيق مع الجهة ذات العلاقة.

**ثانياً:** إضافة إلى تحمل نفقات إزالة المخالفة بموجب الفقرة (أولاً) من هذه المادة، يعاقب المخالف بغرامة لا تقل عن (٧٥٠،٠٠٠) سبعمائة وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (١،٥٠٠،٠٠٠) مليون وخمسمائة ألف دينار.

**المادة (١٧):**

عند تجاوز حدود أي محرمات يكون مصدراً للتلوث، والذي لم يتم تحديده وفق أحكام هذا القانون أو لم يشار إليه أو انه بمثابة واقع حال، يتم الكشف عليه عن طريق لجنة خاصة للنظر فيها ومعالجتها.

**المادة (١٨):**

يتم تعويض جميع الأملاك والأراضي التي تستخدم كمواقع لمشاريع الماء والمجاري أو تحدد كمحرمات عن طريق الاستملاك أو الإطفاء بموجب القوانين النافذة وبالتنسيق مع الجهة ذات العلاقة وتسجل باسم مديريات الماء والمجاري ذات العلاقة في الوحدة الإدارية.

## الفصل الرابع
## وحدات المعالجة

**المادة (١٩):**

**أولاً:**

١- على جميع المشاريع السكنية، التجارية، الصناعية، السياحية، الصحية وأي مشروع له مخلفات سائلة ثقيلة، وضع وحدة معالجة للمجاري، وعند منح إجازة المشروع يتم البت في جميع الخرائط والمخططات وتنفذ تحت الإشراف المباشر للمديريات ذات العلاقة.

٢- على محلات الغسل بجميع أنواعها، ومحطات تعبئة الوقود وأماكن خدمات صيانة السيارات وضع وحدة معالجة المياه المستخدمة، وعند منح إجازة المشروع يتم البت في جميع الخرائط والمخططات وتنفذ تحت الإشراف المباشر للمديريات ذات العلاقة.

٣- على جميع المشاريع التي لها مخلفات كيميائية سائلة وضع وحدة معالجة كيميائية، وتحديد أشكال وكيفية معالجة المخلفات في كل حالة، وعند منح إجازة المشروع يتم البت في جميع الخرائط والمخططات وتنفذ تحت الإشراف المباشر للمديريات ذات العلاقة.

**ثانياً:**

١- تكون الأشراف على تنفيذ كل بند من بنود الفقرة (أولاً) من هذه المادة من قبل المديريات ذات العلاقة وفقاً للمواصفات الهندسية المعتمدة.

٢- تتولى المديريات ذات العلاقة الإشراف ومتابعة كيفية عمل وحدات المعالجة المشار إليها في الفقره (اولاً) من هذه المادة.

## الفصل الخامس
## الأحكام العامة

**المادة (٢٠):**

**أولاً:** تسجل المبالغ التي تستحصل بموجب مواد (الفصل الرابع) من هذا القانون كإيراد نهائي للمديريات وتصرف مباشرة لأغراض الصيانة وخدمات مشاريع الماء والمجاري والحوافز ولا تستقطع وزارة المالية والاقتصاد أي مبالغ من موازنة المديريات بسبب هذه الإيرادات.

**ثانياً:** تمنح نسبة (١٥%) خمسة عشر من المائة من المبالغ التي تستحصل بموجب أحكام هذا القانون للموظفين العاملين في أقسام أو شعب (المخالفات والتجاوزات) والجهات التي تزيل المخالفات، وتنظم ذلك بتعليمات يصدرها الوزير.

**المادة (٢١):**

تنظم بتعليمات يصدرها الوزير تنظيم وسيطرة ومنع تخريب والتجاوز على أي مكونات للبنية التحتية للماء والمجاري لم تشار إليها في هذا القانون.

**المادة (٢٢):**

**أولاً:** لا تشمل العقوبات الواردة في هذا القانون الأشخاص المرتكبين للتجاوزات أو المخالفات إذا أبلغوا المديريات أو الدوائر خلال مدة (١٨٠) مائة وثمانين يوماً من تأريخ دخول هذا القانون حيز التنفيذ، بأماكن وأنواع التجاوزات أو المخالفات، وقدموا بصورة رسمية تعهداً بإزالة التجاوز أو المخالفة خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً وتحت رقابة الجهة ذات العلاقة، وأيدت الجهة ذات العلاقة رسمياً الإزالة وإعادة الوضع إلى حالته، وبخلاف ذلك تشملهم أحكام هذا القانون.

**ثانياً:** يستثنى كل شخص له إجازة رسمية من الجهات ذات العلاقة، بعد تقييمها من قبل لجنة مختصة، من العقوبات الواردة في هذا القانون.

**المادة (٢٣):**

تصادر أية مواد وأجهزة ووسائل استخدمت في المخالفة والتجاوز على شبكات الماء والمجاري وتعامل معها بموجب القواعد العامة للمصادرة.

**المادة (٢٤):**

يعاقب كل شخص يساهم في المخالفة والتجاوز على شبكات الماء والمجاري، بمقابل أو دون مقابل، بعقوبة المخالف والمتجاوز ذاتها.

## الفصل السادس
## الأحكام الختامية

**المادة (٢٥):**

يصدر الوزير التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٦):**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٢٧):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٢٨):**

ينفذ هذا القانون بعد مضي (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

لغرض حماية مشاريع وشبكات الماء والمجاري في إقليم كوردستان، من أعمال التجاوز والمخالفات، وضمان كفاءة هذه الشبكات من الناحية الفنية، والحفاظ على البيئة وتوفير الماء النظيف للمواطنين بصورة عادلة وحماية الصحة العامة وحماية البنى التحتية، وعدم هدر الثروات العامة، شرع هذا القانون.

يعد القانون صادراً بانقضاء المدة القانونية لإصداره بموجب حكم البند (٢) من الفقرة (أولاً) من المادة (١٠) من قانون رئاسة إقليم كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل والفقرة (عاشراً) من المادة (١٨) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٨**
**تأريخ القرار: ٢٠٢١/٦/٢٨**

**قرار**
**رقم (٨) لسنة ٢٠٢١**

استناداً إلى حكم الفقرة (أولاً) من المادة (٤٣) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ، و بعد الجلسة الاعتيادية رقم (١٦) بتأريخ ٢٠٢١/٦/٢٨ ، وبناء على طلب و تصويت أعضاء برلمان كوردستان – العراق، قررنا ما يأتي:-

**أولاً:** تشكيل لجنة لتقصي الحقائق حول استخدام مكانة البرلمان للمصلحة الخاصة، من السادة أدناه:-

١- بەڵێن إسماعيل حاجى إبراهيم. (رئيس اللجنة)
٢- چيا حميد شەريف. (عضو)
٣-شنو أشقي عبدالله. (عضوة)
٤-روپاك احمد رحمان. (عضوة)
٥- اسماعيل على طه. (عضو)
٦-روبينه اويملك عزيز. (عضوة)
٧- همداد صباح بلال. (عضو)

**ثانياً:** ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره في٢٠٢١/٦/٢٨، وينشر في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

**د. ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان - العراق**